KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

# باوك و مامی بەناز مەحمود بابەکر ئاغا ئەمرۆ لە دادگایەکی لەندەن تاوانبار دەرچوون بە کوشتنی بەناز بە بیانوی پاراستن" شەرەف"ە وە



بەناز مەحموود بابەکر ئاغا

ئەمرۆ لە دادگای ئۆڵد بەیلی لە لەندەن هەردوو تاوانبار مەحمود مەحمود بابەکر ئاغا و ئاری مەحمود بابەکر ئاغا لە دوای سێ مانگ لە دانیشتنی دادگا هەردووکیان بە تاوانبار دەرچوون لە کوشتنی بەناز مەحمود بابەکر ئاغا کە کچی مەحموود مەحمووده.

شایەنی باسە کە بەناز تەمەنی 21 ساڵ بوو کە لە مانگی 1 ی 2006 وە دیار نەما و لە مانکی 4 ی 2006 دا تەرمەکەی لە نێو جامتایەدا بە خنکێنراوی دۆزرایەوە لە گەرەکێکی قەراغی شاری بیرمنگەهام لە بەریتانیا .

جکە لەوەی کە بەناز لە 10 ساڵی یەوە لەکەڵ کەس و کاری هاتبووە بەریتانیا ، بەڵام کێشەی لەکەڵ کەس و کاری زۆر جیاواز نەبوو لە کێشەی هەر کچێکی کەنجی تر کە لە کوردستانە ، بەناز بە 17 ساڵی بە زۆر درابوو بە شوو وە دوای سێ ساڵ لە هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێك کە بە دڵی خۆی نەبوو وازی لە مێردەکەی هێنابوو و هاتبووەوە ماڵی باوکی ..
تاوانی گەورەی بەنازیش هەروەك دوعای عاشق و زۆر ژنانی تری کوردستان کە کوژراون ئەوە بوو کە کەسێکی خۆشویست و لە بەرامبەر ماڵی باوکیدا بەرکری لە ماف و ژیانی خۆی دەکرد و دەیویست شوو بکات بە کەسێك کە خۆی هەڵیبژاربوو. بەڵام مێشکی باوك سالار و عەشیرەت پەرستی باوك و مامی بەناز ئەمەیان پێ قبوڵ نەکرا و پیلانی کوشتنی بەنازیان دارشت و چەند چەقۆ وەشێن و ئینسان کوژێکیان بە پارە بە کرێ گرت و کچەکەی خۆیان کوشت .

ئەوەی کە لە کەیسی بەنازدا جیاوازی هەبوو لە ژنانێك کەلە کوردستان دەکوژرێن ئەوەیە کە حکومەت و دەسەڵات وە پۆلیس و یاسای بەریتانیا بە پێچەوانەی حکومەت و دەسەڵات و یاسا و پۆلیسی کوردستانەوە کوشتنی ژنان وەك هەر تاوانێکی تری کوشتن حیساب دەکەن ، لێکۆڵینەوەی لێدەکەن و تاوانباران دەستگیر دەکەن ، بۆیە ئەمرۆ لە دوای چەند مانگ لە لێکۆڵینەوە و بە دوادا چوون راستیەکان لە پشتی کوشتنی بەنازەوە دەرکەوت و هەر ئێستا باوکی و مامی و کەسێکی تری بە ناوی محەمەد حەمە وە بە سزای خۆیان

گەیەنران ، لە هەمان کاتدا دووان لەو چەقۆ وەشێنانەی لە سەرەوە باس کران کە بۆ کوشتنی بەناز پارەیان وەرگرتووە وان لە کوردستان وە لە ژێر سێبەری پاراستنی یاساکانی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتەکەیدا بە ئازادی دەسوورێنەوە.

شایەنی باسە کە بەناز بەر لە کوشتنی بە ماوەیەکی کەم چەند جار پەنای بردۆتە لای پۆلیسی بەریتانیا و ئاگاداری کردوون لەوەی کە باوکی و مامی دەیانەوێ بیکوژن بەڵام پۆلیس زۆر بروایان پێنەکردووە وە عەقڵیان ئەوەی نەبریوە کە نزیکترین کەسی خۆی ( باوکی و مامی ) تەنها لەسەر ئەوەی کە کەسێکی خۆش دەوێت بیکوژن ، هەر بۆیە ترسەکەی بەنازیان بە جددی وەرنەگرتووە . ئێستا چەند پۆلیسێك لە ژێر لێکۆڵینەوەدان لەسەر بێدەربەستی و کەمتەرخەمیان لە بەرامبەر خەتەرێك کە لەسەر ژیانی بەناز بووە وە لە ئەنجامدا بەناز کیانی لە دەست داوە . بە هۆی ئەم دەورو نەخشەی پۆلیس لە لە ناوچوونی بەنازدا دەزگای پۆلیسی میترۆپۆلیتان کەوتونەتە بەر رەخنەی توندی رێکخراوەانی بەرگری لە مافەکانی ژنانی کورد و خۆرهەڵاتی لەوانە رێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان ، سەنتەری خۆرهەڵاتی ناوەرا ست بۆ مافەکانی ژنان وە رێکخراوی مافەکانی ژنانی کورد و ئێرانی .

لە دوای بیستنی هەواڵی کوشتنی بەناز لە لە ندەن لە مانگی ئایاری 2006 دا ئەم رێکخراوانە لەپاڵ چەندین رێکخراوی تری ژناندا کە سەر بە کەمە نەتەوایەتیەکانی وەك ئاسیایی و تورکی و هیندین کە دیاردەی توند و تیژی و کوشتنی شەرەف لە بەرامبەر ژناندا بەرفراوانە تێیاندا ، پێکەوە تۆرێکیان پێك هێناوە بۆ کاری هاوبەش کە ناوی " پلاتفۆرمی وەستانەوە بە دژی توندو تیژی لەسەر شەرەف" ە . ئامانجی سەرەکی ئەم تۆرە بەرزکرنەوەی دەنگی ژنانی سەر بە کەمە نەتەوایەتیەکانی وەك کورد و عەرەب و موسوڵمان و ئاسیایی و ئێرانی و تورکیـیە لە دژی هەر جۆرە توند و تیژیەك کە ژنان بە بەهانەی پاراستنی شەرەفەوە تووشی دەبن لەوانە : کوشتن ، بەزۆر بەشوودان ، خەتەنە کردن ، بردنەوە بۆ ووڵاتی خۆ وە چەندین دیاردەی تر . ئەم پلاتفۆرمە هەوڵ دەدات بۆ گەیاندنی دەنگی ژنان بە بریاردەران و دەزگا دەوڵەتیەکان بۆ باش کردن و دابین کردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بۆ ژنان هەیە کاتێ تووشی توندو تیژی دەبن وە بۆ راهێنان و مەشق پێکردنی دەزگاکانی پۆلیس و فریا گوزاری تا تێگەیشتنیان لەسەر پێشینەو هۆیەکانی توند و تیژی بە بەهانەی شەرەفە بچێتەسەرەوە بۆ ئەوەی ژنان باشتر بپارێزن و ئەم دیاردە دواکەوتوو و تا سەر مۆخ درندانەیە بنەبر بکرێت و تاوانبارانی کوشتنی ژنان بە سزای خۆیان بگەیەنرێن .

ئەم پلاتفۆرمە لە چەند هەفتەی داهاتوودا هەڵدەستێت بە زنجیرە چالاکیەك لە لەندەن بۆ مەحکوم کردنی دیاردەی توند و تیژی و کوشتنی ژنان بە بەهانەی شەرەف کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو خوێنەرانی لێ ئاگادار دەکەینەوە .

لە کۆتاییدا ماوەتەوە ئەوە بڵێم کە دەستگیر کردن و ساغ بوونەوەی بکوژانی بەناز سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ هەموو بزوتنەوەی دژی توند وتیژی و کوشتنی ژنان بە بەهانەی شەرەف ، بە داخەوە کە بەناز و هەزارانی وەك ئەو بوونەتە قوربانی و گیانیان لە دەست داوە ، بەلام بۆ هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز کە دژ بە کوشتنی ژنانن ئەمە تەکانێکە لە خەبات و تێکۆشانمان لە راستای کۆتایی هێنان بە توند و تیژی و رەشە کوژی ژنان چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە .

گۆنا سەعید
کارمەندی سەنتەری خۆرهەلاتی ناوەراست بۆ مافەکانی ژنان لە بەریتانیا
پەیوەندی : gona@mecwr.org
Tel: 00442076391033

11/06/2007